سوێند بخۆن و بڵێن هیچمان نەکردووە سەرمان لە یەکتری داوە، لەم حاڵەشدا بەیەک دوو قەمچی و سیموورخ تێ کوتان رزگاریان دەبێ. ئەگەر بەگوێ ی من ئەکەی جارێکی تر مەچۆرە حەرەمی خەڵکی بێگانە. ڕاستە تۆ بێ خەتای و هیچت بۆ ناکرێ و ئەتوانی چی بڵێ ی و چیت لەدەست دێ کە ئەم جۆرە زەعیفانە ئەبەسترانەوە بەباشی چاوو ئەگیراون و کۆنتڕۆڵ ئەکراون و بێ پرس و ڕای سەرپانی تۆدا ئەم بەرو ئەو بەرێکەن؟!

خۆزگەگەر تۆ لە تەرجومانەکەت دڵنیایی و ناترسێ ی قسە بکات ئەوا قەیدیناکات جاروبار ئاهی دڵی خۆت بشکێنەوەو لا لەوەڕێ بکە چی تێدایە بۆچی نەبێ؟

تۆزێک وەستاو ئنجا بەپێکەنینەوە وتی:

ئەغا، هەموو ڕۆژێ ئەم دەرفەتە بۆ پیاو ناڕەخسێ لە خانویەکی مابەینی دوو حەرێدا بێ خاوەنی یەکێکیان مێر منداڵێکی خەڵەفاوو هەرزەو ئەوی تریان بەساڵ جارێک نایەتەوە ماڵەکەی خۆی!

دۆستەکەم بەجێ هێشتوو هاتمەوەو مێشکم ورووژابوو زۆرشتم بەبیردا ئەهات هەرچەندە ئەمە دەرفەتێک بوو بۆم هەڵکەوت ژنە تورک لە نزیکەوە بناسم، بەڵام ناتوانم شتێکی ئەوتۆ لەبارەیانەوە بڵێم و بنوسم ڕاستە ۱۳ ژن ناکرێن بەنموونەی خەرواڵێک و ناکرێ بەم پێ و دانگە هەموو ژنان بپێوڕێن و حوکمیان بەسەردا بدرێ بەڵام شتێکی تر هەیە پێسی ئەم بڕیارە ئەکاتەوە بەخۆریی:

بەتێکرایی ژیان لە ڕۆژهەڵاتدا یەک ڕەنگ و سادەو ساکارە، هەڵوێستی پیاو بەرامبەر ژن دیسانەوە وەک یەکەو هەموو کەسێک بەهەمان چاو سەیری ئافرەت ئەکات. بۆیە دەڵێم: جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێو ئاکە کەساندا چ ژن چ پیاو نابینرێ و دەکرێ ئەم مشتە نموونەی خەرواڵێک بێ. ئەو ژنانەی من لە ڕۆژهەڵاتدا تووشیان بووم و ناسیومن نموونەی ئاسایی ئافرەتی (حەرەمن)[۱] و ئەگەر لەگەڵ ژنانی ئەورووپادا بەراورد بکرێن ئەڵێم: ئاقڵ کردنەوەو بۆچوون و ئەقڵ و ژیریی ژنی ڕۆژهەڵات هەر ئەوەندەی کچە شەش حەوت ساڵێکی ئەورووپایی دەبێ. ئافرەتی ڕۆژهەڵات بۆ پیاوی ئەورووپایی بێزاری و جاڕسی و بێ تاقەتیان لێ دەکەوێتەوەو هاوڕێ ی ڕاستەقینەی ژیان نین.

